کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
23-4-2007 22:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاک فەلەکەدین و سەرهەلدانێکی سپی ... بێستون بەرواری

بە داخەوە روشەنبیرانی کورد رولێکی گرنگیان نەبووە لە سەرکردایەتی خەباتی رزگاریخوازی کوردی دا. هەندێ لە روشەنبیران هەلویستی توندیان بەرامبەر کەم و کوریەکان گرتووە و لە ریزەکانی خەبات دورکەوتوون و هەندێکیان دوای رەخنەگرتن و گللەیێکی زور کاتێ بەرژەوندیە تایبەتیەکانیان لە ئارادابووە بێدەنگ بوون. و هەندێک روشەنبیریش بوون بە دەمراستی لێپرسەکان و هەلە گەورەکانیان بو مکیاج دەکەن.

لە کاتێکدا کە کوردستان بە قوناغێکی نازک دا تێدەپەرێت ئاستی روشەنبیری گشتی و بە تایبەتی روشەنبیری نەتەوەیی گەلی کورد زور نزمە وئەمەش لە میدیای کوردی دا بە زەقی دیارە ولە سەدان بوونە و دیاردەدا دەرکەوتووە، هەر بویە زور دیاردەی خراپ و دزێو لە کومەلگا پەیدابووە. ئا لەم رەوشە نالەبارەدا ئەرکی سەر شانی روشەنبیرانی دلسوزە بە هەلمەتێکی کوردانە هەولی گوڕین بدەن.
زور جێگای دلخوشیە ئەمرو روشەنبیرێکی کورد لە لوتکەی دەستهەلات دا بکەوێتە گوڕانکاری و گرنگییەکەش لەوەدایە کە گورینەکان بە کردەوە و لە کەسایەتی خویەوە دەستپێبکات. مەبەستم جەنابی وەزیری روشەنبیری کوردستانە. کاک فەلەکەدین چەند هەنگاوی ناوە کە بەراستی جێگای رێزلێگرتنن: جەنابیان جاران زۆر عیراقی و جارچی برایەتی کورد و عەرەب بوو لەم دواییە زۆر بە راشکاوی پەشیمانی خوی لێ دەربری و تا کو گوتی: پەشیمانم کە دەنگم بو عیراق داوە. پێشنیاری گەرانەوە بو داخوازی گەلی کورد دەکات بە راپرسی گشتی لە کوردستان.
کاک فەلەکەدین بە پێچەوانەی هەمو وەزیرەکانمان تەنیا بە جلی کوردی دەردەکەوێت و زمانحالی دەلێ من هەر پێشمەرگەی جارانم و شانازی بە کوردبوونم دەکەم.
کاک فەلەکەدین داوای ئازادی ئوجەلان دەکات، و داوا لە هەمو گەلی کورد دەکات داوای بکەن، ئەمە پلەی هەستی نەتەوەیی ئەو دەردەخات بەرانبەر دوژمنان و دانانی کوردایەتی لە پێش پارتایەتی نیشان دەدات.
بەستنی سمینارى کوماری کوردستان لە هەولێری پایتەخت و هێنانەوەی پەرتوکخانەی سەرۆکی شەهید قازی محمد بو هەولێر هەنگاوی گەورە بون بۆ ناساندنی مێژووکەلتوری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی. کە بەداخەوە ئەمرو لە کوردستان زۆر بێنرخ بوە.
تا ئێستا زوربەی لێپرسەکان و سەرکردەکان باسی شەفافیەت و دژایەتی گەندەلی دەکەن بەلام تەنیا وەزیری روشەنبیریمان باسی وردەکاریەکانی کاری وەزارەتی خوی دەکات، بو نمونە لیستەی ناوی ئەو هونەرمەندانە بلاوکرایەوە کە یارمەتییان وەرگرتووە وباسی قەرزی هوتێلەکان وبەکارنەهاتنی چاپخانە کراوەکەی وەزارەت کراوە.
بەم هەنگاوانە جەنابی وەزیر دو لایەنی جیا دەخاتە بەر ئەزمونێکی گرنگ یەکەمیان حکومەت و دەستهەلاتە کە چەند رێگا بە کاری زانستی و دلسوزانە دەدات و لایەنی تریش روشەنبیرانی کوردن کە چەند هاوکاری ئەم هەنگاوانە دەکەن و هەریەکەو لە خویەوە دەس پێدەکات تا وەکو بتوانن متمانەی جەماوەری کورد وەرگرن و هەنگاوی بوێرانەتریش بنێن بو گوڕینی بارودوخە مەترسیدارەکەی ئەمروی کوردستان.

biston. berwari@hotmail. com 2007/4/12/ سوید

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.